كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
9-8-2007 21:46 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**وەزیری شارەوانی ئەو کاتەت باش... شاسوار جیتۆ**

دوای سلاو رێز دووبارە حەز دەکەم دوو وشەی دایك و کورانەت پی بلێیم...

نازانم لە چیەوە دەست پی بکەم لە پرسگە یا صادرە یا لە مەکتەبی جەنابت یا لە بەرێوبەرە گشتیەکانت بە ئیرادەی رەبول عالەمین گەندەلی هەمویانی گرتۆتەوە وا خەریکە دەیکەنە قورگی تۆش ئەگەر ئاگادار نەبیت بلی بۆ... ؟

ئایا تۆ ئاگاداری هیچ کتابێك لە وەزارەتەکەت ێادیرە ناکرێت ئەگەر 25 هەزاری لەگەڵ نەبێت بە تایبەت ئەوانەی بۆ دەرەوەی شاری هەولێرن کە دەیانەوێت بە دەست بیبەن... ؟

ئایا دەزانی وا ناوبرێك لە هۆبەی پیلان دروست دەکری بۆ چیە... ؟ نەخێر نازانیت... ! ئەمە بۆ ئەوەیە شەراکەت لەگەڵ بەلێندەرەکان بکەن بی ئەوەی کەس پێیان بزانێت + هەندی مەبەستی ( ... ) خۆیان سەیرکردنی فلیمیی .. لە رێگای ئەنتەرنێتەوە مەرامەکەش تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە لەم ژوورە کار دەکەن.

ئێستا رێکلامێکی وا بلاوبۆتەوە لە وەزارەتەکەی جەنابتان کە پارە نیە... ؟ ئەمە کاری خوایە. بەڵام بۆ بۆ بەرێوبەر (گ - د) کە سەر بە جەبهەی تورکمانیە کاك (ئە ... ) پارە هەیە دوای دەوام دەمێنەوە بۆ خواردنی کەبابی چاك و میوەی سوری بە لەزەت و ساردی، هەروەها سەرف کردنی پارە بە هەوەسی خۆی، ئایا تۆ لەم حیکمەتە دەگەی تا خەلك و ئێمەمانان لیی تێبگەین. ؟ ئایا وەێلی ئەم مەسروفاتانە لەگەڵ ئاوی دەست نوێژ دەروات و حسابی لە سەر نیە یا دەیبینی قسە ناکەی... ؟ ئایا دەزانی خاوەنی دۆلمە ترش و بە لەزەتەکە بەرێز بەرێوبەری (گ – پ) کە دوای دەوام بۆ تۆ و چەند کەسانێك هێنابووی زەمانێك بەر لە دۆلمەکە قەردار بەر دەگای وەزارەتیان گرتبوو کەچی بە ئیرادەی رەبول عالەمین و دوای دۆلمە ترشەکەی لە پرێك بوو بە کورێك و ئێستا شەریکی 3 کۆمپانیایە لە هەولێر و چەند خانوێك و دوو سەیارەی لە خەت کاردەکەن... ؟ وا دیارە دۆلمەکەی زۆر خۆش بووە بۆیە وا بەری چاوی تۆ و چەند کەسانێکی گرتوە ناتوانن لە ئاستی قسە بکەن بۆ ئەوەی ئەمەکی ئەوتان کردوە و باخوا نەتان گری، یا شەریکن... ! نوسەرەکەی ئەم بەرێوبەرە خەریکە دەخنکی نازانێت پارە لە کوی دابنێت ژێراو ژێر هەموو شتێك بۆی دەچێتە ماڵەوە وەك سپلیت و پارەی چاك و کەرستەی خانوو شتی سپێشەڵ و مارکە، وا دیارە دۆلمەکە خێری بۆ ئەویش هەبووە، ئەگەر دەتەوێت شتی تریشت بۆ باس دەکەم بەلام دەترسێم تەحەمول نەکەی، ئەیی خوایە دۆلمەیەك چی دەکرد... !.

باشە حکمەتێك لە وەزارەتەکەی جەنابتان هەیە تۆ بیری لی بکەوە... ؟ هەندی بەلێندەر هەیە لە پرسگەی وەزارەتەکەی جەنابتان خەوی لی دەکەوی ناتوانێت فەرمانبەرێك ببینێت بۆ هەندێکیشیان هەیە تا مەکتەبی جەنابت ناوەستی ئەری ئەمە بۆ... ؟! وەڵامت بدەمەوە بۆ... ؟ لەبەر ئەوی ئەم چەند بەلێندەرەی کە تا مەکتەبی جەنابت ناوەستی شەریکی (ب گ پ) و ئەوانیی ترن. وا دیارە وەزارەتەکەی ئێوە بانێك و دوو هەوایە... !.

دووبارە دەلێم دوو ووشەی دایك و کورانەم بۆ نوسیوی تکایە ئاگادار بە خۆ زۆر شتی تریش هەیە بەلام با بەوەندە کۆتایی پی بهێنم بە هیوای سەرکەوتن...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.